# ڕێککەوتنی ئەمنیی عێراق و تورکیا: ئەگەر و سیناریۆکان

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی ـ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

پرسی ئاسایش لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا زیاتر لە چوار دەیەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، پەیوەست کراوە بە چالاکی و جموجۆڵەکانی چەکدارانی پارتی کریکارانی کوردستان (پەکەکە)، چونکە لە ساڵی 1984ەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێکدادانی چەکداری لە نێوان سوپای تورکیا و پەکەکە دەستی پێ کرد. هەر لەم چوارچێوەیەدا نزیکەی 40 ساڵە بوودجەیەکی زەبەلاح بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لەتورکیا تەرخان دەکرێت. بەپێی بۆچوونی سیاسەتمەدارانی تورکیا، "کار و چالاکییەکانی پەکەکە لە چوارچێوەی کردەوە تیرۆریستییەکانەوە هەژمار دەکرێت و تورکیا، پەکەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناو دەبات."

پەکەکە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق (کە دراوسێی تورکیان) بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە؛ هەر بۆیە ئەنقەرە بەردەوام نیگەرانیی خۆی لەم بارەیەوە ڕاگەیاندووە. بۆیە حکوومەتە یەک لە دوا یەکەکانی تورکیا کاریان بۆ دەرکردنی پەکەکە کردووە لە خاکی عێراق، بەڵام ئەم هەوڵە چڕەی تورکیا ئەنجامێکی ئاوای لێ نەکەوتۆتەوە. هەروەها دوای سەردانەکەی سەرۆککۆماری تورکیا "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" بۆ بەغدا لە 22ی نیسانی ساڵی 2024، هەنگاوێکی جددی لە نێوان ئەنقەرە و بەغدا نرا، کە بریتی بوو لە واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان دوو وڵات کە مەبەستی سەرەکیی لێی، گوشارخستنە سەر پەکەکە بوو.

لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی وەڵامی پرسیاری "**مەبەستی سەرەکی لەم ڕێککەوتنە و لێکەوتە و سیناریۆی دوای واژۆکردنی چین؟**" و چەندان پرسیاری دیکەی پەیوەست بەم بابەتەوە بدەینەوە.

**مەبەستی سەرەکی لەم ڕێککەوتنە چییە؟**

ئەنقەرە بەردەوام کار لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە دەکات و هەوڵ دەدات بەتایبەت لە عێراق ـ بەهەرێمی کوردستانیشەوە ـ کۆتایی بە بوونی پەکەکە بهێنێت. هەروەها چەندان جار بە شێوەی فەرمی داوای لە عێراق کردووە کەوا خۆی ناوچە سنوورییە هاوبەشەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بپارێزێت و ڕێگری لە چەکدارانی پەکەکە بکات بۆ ئەوەی لە خاکی عێراقەوە هێرش نەکەنە سەر تورکیا. بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە مەترسیی پەکەکە بۆ سەر تورکیا لە ڕووە ئەمنییەکەوە کۆتاییی پێ بێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەنقەرە و بەغدا پاش دانوستانێکی دوورودرێژ توانییان بگەنە ڕێککەوتنێکی ئەمنیی دووقۆڵی بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکەن یاخود لانی کەم جموجۆڵی چەکدارانی پەکەکە بگەیەنرێتە نزمترین ئاست. دەتوانین بڵێین ئامانجی سەرەکیی واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** تورکیا دەیەوێ بە هەموو شێوە و ڕێگەیەك جموجۆڵەکانی پەکەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی کۆتاییی پێ بهێنێت یاخود لانی کەم مەترسیی پەکەکە بگەیەنێتە نزمترین ئاست. بۆ جێبەجێکردنی ئەمەیش، پێویستیی بە یارمەتی و ڕەزامەندیی حکوومەتی فیدراڵی عێراق هەیە. ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، "ئەوە دەبێتە دەسکەوتێکی بەرچاو و ستراتیژی و گرنگ بۆ تورکیا، بەتایبەت لە ڕووی پاراستنی ئەمنیی تورکیا."

**دووەم:** ئەنقەرە نیگەرانە لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و پەکەکە، چونکە بەرپرسانی تورکیا پێیان وایە تاران ڕاستەوخۆ یارمەتیی چەکدارانی پەکەکە دەدات یاخود لانی کەم چاوپۆشی لە بەکارهێنانی خاکی ئێران دەکات لە دژی تورکیا؛ ئەم ڕاستییە چەندان جار لەلایەن بەرپرسانی تورکیا خراوەتە ڕوو. بۆ نموونە وەزیری بەرگریی تورکیا (یەشار گیولەر - Yaşar Güler) لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا ڕای گەیاند "نیگەرانن لە هەڵویستی ئێران بەرانبەر بە چەکدارانی پەکەکە." لەم چوارچێوەیەدا ئەنقەرە دەیەوێ لە ڕێگەی عێراقەوە پەیامێك بگەیەنێتە تاران کە تورکیاش توانای ئەوەی هەیە گوشار بخاتە سەر عێراق و پەکەکە لاواز بکات؛ چونکە بەرانبەر ئەم ڕێککەوتنە ئەمنییە، عێراق لە بواری ئاو و پرۆژەی گەشەپێداندا چاوەڕوانی ئاسانکاری و یارمەتی و هەماهەنگیی تورکیایە.

**سێیەم:** تورکیا ترس و نیگەرانییەکی قووڵی هەیە "چیای شنگال" ببێتە پێگەیەکی دیکە بۆ چەکدارانی پەکەکە و، ترسی ئەوەی لێ نیشتووە شنگال ببێتە قەندیلی دووەم. بۆیە ئەنقەرە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم ڕێککەوتنە سەربازی و ئەمنییەوە پەیوەندیی پەکەکە لە نێوان قەندیل و شنگال ببچڕێنێت؛ واتا پلانی ئەوەی هەیە شکست بە پەکەکە بهێنێت لە شنگال، چونکە سەرۆککۆماری تورکیا چەندان جار لەم بارەیەوە لێدوانی داوە و بەئاشکرا ڕای گەیاندووە کە شنگال بەقەدەر قەندیل بۆیان گرنگە و ڕێگە نادەن پەکەکە تیایدا بمێنێت و ئەگەر پێویستی کرد ئەوە لە هەر کات و ساتێکدا لەناکاو دەچنە شنگال.

**چوارەم:** پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان گرنگییەکی زۆری بۆ تورکیا هەیە؛ حکوومەتی ئێستای عێراقیش بە سەرۆکایەتیی "محەمەد شیاع سوودانی"یش جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکات و هەوڵ دەدات هەنگاوی جددی لەم بوارە بنێت. بەڵام ڕێڕەوی ئەم پرۆژەیە بەبێ دابینکردنی ڕێگەیەکی متمانەپێکراو و بێکێشە، خاڵێکی گرنگی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیە؛ بۆیە خاوێنکردنی ڕێڕەوی پرۆژەکە لە چەکدارانی پەکەکە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەرخستنی پرۆژەکە. ئەم ڕێککەوتنە سەربازی و ئەمنییەیش هەنگاوێکی باشە بۆ خاوێنکردنی ڕێڕەوی پرۆژەی گەشەپێدان لە هەر جۆرە مەترسییەك لە ڕووی ئەمنییەوە.

**پێنجەم:** ئەم ڕێککەوتنە شەرعییەت دەبەخشێتە بوونی سوپای تورکیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، چونکە بەردەوام ڕەخنە لە تورکیا دەگیرێت بەهۆی پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق. واتا لەڕێگەی ئەم ڕێککەوتنەوە هەم ئەنقەرە خۆی لەم ڕەخنانە دەپارێزێ و هەمیش بەغدا ڕووگیر (ئیحراج) ناکرێت بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لەسەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

**کامە لە مادده و بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکرێت و کامەیان جێبەجێ ناکرێن؟**

ئەنقەرە و بەغدا لە 15ی ئابی ساڵی 2024 "لێکتێگەیشتنی هاوبەشی ئەمنی و سەربازیی تورکیا و عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر"یان واژۆ کرد. لێکتێگەیشتنەکە لە (10) مادده پێك هاتووە کە چەند خاڵی گرنگ لەخۆ دەگرێت، بەڵام سەرەڕای ئەم لێکنزیکبوونەی ئەنقەرە و بەغدا، ئەم هەنگاوە لەلایەن هەندێك هێزی سیاسیی عێراقیی نزیك لە تاران و تەنانەت خودی ئێران، نیگەرانیی لێ کەوتۆتەوە. بۆیە دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە و بەگشتی ئەو بابەتانە بخەینە ڕوو کە لەوانەیە جێبەجێ بکرێن یاخود جێبەجێکردنیان ئەستەم بێت:

**__یەکەم:__** لە لێکتێگەیشتنەکە ئاماژە بە ڕاهێنانی سەربازی لە نێوان هەردوو لا کراوە؛ دەکرێ ئەم خاڵە تا ڕاددەیەك جێبەجێ بکرێت. جگە لەمە هەردوو لا لەڕێگەی ئەم خاڵەوە خۆیان لە ڕەخنەی بوونی سەربازی لەسەر خاکی عێراق بە شێوەیەکی نایاسایی ڕزگار دەکەن.

**__دووەم:__** ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەر جۆرە مەترسییەکی تیرۆریستی. ئەم خاڵە بەهۆی جیاوازیی تێڕوانینی هەردوو لا بۆ چەمکی تیرۆر، لەوانەیە کێشە بۆ هەردوو لا دروست بکات. لەوانەیە لە چەند بوارێکی سنووردار لەم بابەتەدا هەماهەنگی بکرێت، بەڵام چاوەڕوان ناکرێت بەغدا وەکوو ئەنقەرە مامەڵەی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەگەڵ پەکەکە بکات؛ ئەمە سەرەڕای ناسینی پەکەکە بە ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو لە عێراق و داخستنی سێ حزبی نزیك پەکەکە لە وڵاتەکەدا؛ چونکە لە ئەرزی واقعدا عێراق و لایەن و هێزەکانی نزیك ئێران ژێربەژێر، بەتایبەت لە شنگال، هەماهەنگییەکی باشیان هەیە لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە و ئەو گرووپانەی کە نزیکن لێی.

**__سێیەم:__** دابینکردنی ئاسایشی سنوورە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و تورکیا بابەتێکی دیکەیە کە لایەنەکان لەسەری ڕێك کەوتوون. ئەنقەرە دەیەوێت لەڕێگەی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق، مەترسیی پەکەکە نەهێڵێت بۆ سەر خاکی تورکیا؛ بۆ نموونە هەر ئێستا بەقووڵاییی زیاتر لە سی کیلۆمەتر، سوپای تورکیا هاتۆتە نێو خاکی عێراق و، شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پەکەکە لە ستراتیژیی "**هێرش بکە و بکشێوە**"، گۆڕیوە بۆ "**هێرش بەرە و، سوپا جێگیر بکە.**" ئەم خاڵە لەوانەیە مەترسییەکی ژێربەژێریش بۆ سەر هەرێمی کوردستان پێك بهێنێت، چونکە بە ئەگەرێکی زۆر چاوەڕوان دەکرێت بەغدا و هێزە نزیکەکانی تاران، بە بیانووی کۆنترۆڵکردن و دابینکردنی ئاسایشی سنوورە هاوبەشەکانی عێراق و تورکیا، جووڵە بە هێزەکانی سنوور بکات و لەو ناوچانە جێگیریان بکات؛ کە ئەمەیش ڕاستەوخۆ مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

**__چوارەم:__** هاوبەشیکردنی زانیاریی هەواڵگری، یەکێکە لەو خاڵانەی کە لە لێکتێگەیشتنەکەدا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. چاوەڕوان دەکرێت ئەگەر بە شێوەیەکی چڕیش نەبێت، لەم بوارەدا هەماهەنگی بکرێت. هەروەها لە لایەکی دیکە جەخت لەسەر بەهێزکردنی کاری هاوبەش لە بواری پیشەسازیی سەربازیدا کراوە. ئەم خاڵە بەتایبەت بۆ عێراق زۆر گرنگە، چونکە تورکیا لەم چەند ساڵەی ڕابردودا لە ڕووی پیشەسازیی سەربازییەوە هەنگاوی باشی ناوە و گەیشتۆتە ئاستێکی باش، بەتایبەت لە بواری بەرهەمهێنانی درۆن.

**__پێنجەم:__** بنەما و ڕێوشوێنەکانی گونجاندنی لێکتێگەیشتنەکە، خاڵێکی دیکەیە کە لە لێکتێگەیشتنەکەدا ئاماژەی پێ کراوە. ئەم بابەتە چەند بوار لەخۆ دەگرێت کە ئەستەمە بەپێی ویست و ئارەزووی تورکیا

جێبەجێ بکرێت. سەرەڕای ئەوە، تیایدا هەردوو لا جەختیان لەسەر بەیەکەوە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و گرووپە قەدەغەکراوەکان کردووە، ئەویش لە ڕێگەی هاوبەشیکردنی زانیاریی هەواڵگری بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی سنوورەکان. هەروەها ئاماژە بە ڕێگریکردن لە جموجۆڵ و چالاکیی گرووپە تیرۆریستییەکان لەسەر خاکی هەردوو لادا کراوە. جگە لەمە، هەردوو لا لەسەر ڕێگریکردن لە دابینکردنی چەك و پشتیوانیی لۆجیستی و دارایی بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان و دیاریکردنی جێگەی مانەوەی تیرۆریستان و دەستگیرکردن و دادگاییکردن و گێڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان لە ڕێگەی کاری هاوبەشەوە، ڕێك کەوتوون. هەروەها خاڵی ڕێگریکردن لە مانەوەی ئەندامانی گرووپە تیرۆریستی و قەدەغەکراوەکان لەسەر خاکی هەردوو وڵاتدا، لەم لێکتێگەیشتنە شوێنی کراوەتەوە.

سەرجەم ئەم هەنگاوانە ئەستەمە جێبەجێ بکرێن، بەتایبەت لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، چونکە عێراق ئەگەر بشیەوێت ئەم هەنگاوە بنێت، ئاوا بەئاسانی ناتوانێ؛ چونکە هەم لە ڕووی مەیدانی و هەمیش لە ڕووی توانای سەربازییەوە توانای بەجێگەیاندنی ئەم خاڵانەی نییە. بۆ نموونە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان لەلایەن عێراقەوە کارێکی قورسە و تەنانەت ئاوا بەئاسانی ناتوانێ بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەم ناوچانەدا جووڵە بە سوپا بکات.

**شەشەم:** گرنگترین و بەرچاوترین خاڵ کە لە لێکتێگەیشتنەکەدا هاتووە: بابەتی دامەزراندنی ناوەندێکی هاوبەشە لە بەغدا بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی ئەمنی لەنێوان هەردوو وڵاتدا و، ئەو ناوەندەیش بە شێوەیەکی هاوبەش لەلایەن بەغدا و ئەنقەرەوە بەڕێوە دەبردرێت. ئەمە جگە لەوەی لیژنەی هاوبەشی ئەمنییش لەلایەن وەزارەتی دەرەوە پێك دەهێندرێت؛ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، دەزگەی هەواڵگری، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی حەشدی شەعبی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تورکیاش لە لیژنە هاوبەشەکەدا ئەندامیان دەبێت. ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم خاڵە زۆرە، چونکە ئەگەر لە مەیدان و ئەرزی واقعدا ویست و ئارەزووی لایەنەکان وەکوو پێویست جێبەجێیش نەکرێت، ئەم ناوەندە هاوبەشە و لیژنە ئەمنییەکە وەك خاڵێکی پەیوەندیکردن هەر دەمینێت.

**ئایا شیعەکانی لایەنگری ئێران لەم ڕێککەوتنە ڕازین و نابنە بەربەست؟**

شیعەکانی لایەنگری ئێران لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی لەم لێکتێگەیشتنەی نێوان بەغدا و ئەنقەرە ڕازی نین، چونگە پێیان وایە ئەگەر ئەم هاوکاری و هاوئاهەنگییەی نێوان ئەم دوو لایە سەر بکەوێ، ئەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەریی دەبێت بۆ سەر پێگەی ئێران لەعێراق. بۆیە هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم هەنگاوە، دەستبەجێ لایەنە شیعەکانی نزیك تاران دەستیان بە ڕەخنەگرتن و ئیدانەکردن (شەرمەزارکردن)ی ئەم لێکنزیکبوونەوەیە کرد، بۆ نموونە "سالم عەبادی" ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی "سادیقوون"، کە باڵی سیاسی عەسائیبی ئەهلی هەقە کە "قەیس خەزعەلی" سەرۆکایەتیی دەکات، لە <u>چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا وتی</u>: "پێویستە ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان عێراق و تورکیا پێداچوونەوەیەکی بۆ بکرێت، چونکە ئەم ڕێککەوتنە هیچ ماددەیەك لەخۆ ناگرێت کە لە بەرژەوەندیی لایەنی عێراقی بێت."

لە لایەکی تر لە29ی ئابی ساڵی 2024 فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان (درۆن)ی تورکی لە کەرکووك لەلایەن سوپای عیراقەوە خرایە خوارەوە؛ ئەم ڕووداوە پەیامێك بوو لە لایەنە دەستڕۆیشتووەکانی ناو سوپای عێراق

بۆ توركیا كە سەرەڕای ئەوەی ڕێككەوتنێكیشتان لەگەڵ بەغدا هەبێ، ئەوە ناتوانن بە ئارەزووی خۆتان جێبەجێی بكەن و بەرژەوەندییەكانی ئێران لە عێراق بخەنە مەترسییەوە. لە لایەكی دیكە شوێنی خستنەخوارەوەی درۆنەكەیش خۆی لە خۆیدا پەیامێكی دیكە بوو بۆ ئەنقەرە، كە ئەویش بریتییە لەوەی كەركووك هێڵی سووری تارانە و، ناكرێ ئاوا بەئاسانی فڕۆكە بنێریتە سەر ئاسمانەكەی و هێرش بكەیتە سەری. جگە لەم دوو خاڵە، دەكرێ خوێندنەوەی ئەوەیش بۆ ئەم ڕووداوە بكرێت، كە تاران پاڵپشتی لە حكوومەتی خۆجێیی كەركووك و پارێزگارەكەی دەكات. بێ گومان ئەمەیش دوای ئەوە دێت كە حكوومەتی خۆجێیی لە كەركووك لەلایەن هێزە نزیكەكانی تارانەوە پێك هێنرا.

سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی لایەنە شیعەكانی نزیك تاران بەرانبەر بە لێكتێگەیشتنەكەی نێوان بەغدا و ئەنقەرە، هەڵوێستی ئێرانیش لەم بارەوە زۆر گرنگە، چونكە ئەم ڕێككەوتنە وا خوێندنەوەی بۆ دەكرێت كە ڕاستەوخۆ ئامانجی كەمكردنی نفووزی تارانە لە عێراق. جگە لەمە، لای هەمووان ئاشكرایەكە پەكەكە پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ تاران هەیە. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: "**ئایا بۆچی تاران بێدەنگە بەرانبەر ئەم ڕێككەوتنە ئەمنی و سەربازییە، لە كاتێكدا ئەگەر سەر كەوێ، ئەوە بەرژەوەندییەكانی لە عێراق ڕووبەڕووی زیانێكی زۆر گەورە دەبێتەوە**؟" بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

1. هاوكێشە و قەیرانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان وایان لە تاران كردووە كە زیاتر سەرقاڵی ئەوانە بێت؛ بۆ نموونە جەنگی غەززە: لێرەدا هێزە نزیكەكانی وەكوو حەماس ڕووبەڕووی سەختترین شەڕ و پێكدادان بوونەتەوە، هەروەها حزبوڵڵای لوبنانیش بەدەست هەمان كێشەوە دەناڵێنێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمە وای كردووە تاران ڕازی بێ بە ڕاكێشانی توركیا بۆ بەرەی خۆی یاخود لانی كەم گرژییەكانی نێوانیان هێور بكاتەوە. هەروەها جەنگی ڕووسیا–ئۆكرایناش بە هەمان شێوە، كاریگەریی خراپی كردۆتە سەر هەڵوێستی ئێران و سەرقاڵتری كردووە.
2. لەوانەیە ئێران لەبەر ئەوەی چاوەڕێیە ئەنقەرە لە سووریا و قەوقاز تەنازولی بۆ بكات، بۆیە تا ئێستا لانی كەم بەئاشكرا دژایەتیی ئەم ڕێككەوتنەی نەكردووە؛ یەكێك لە هۆكارەكانی نزیكبوونەوەی ئەنقەرە و دیمەشق، دەكرێ لەم ڕووەووە خوێندنەوەی بۆ بكرێت.
3. تاران كار بۆ ئەوە دەكات خۆی وەكوو هاوكارێك نیشان بدات، بەڵام لە ئەسڵدا وا نییە؛ واتا دەتوانین بڵێین لەم بارەوە سیاسەتی "تەقیە" زۆر بەڕوونی لە هەڵوێستی تاران بەرانبەر ئەم بابەتە دەبینرێت. بە مانایەكی دیكە، ئێران لە تێڕوانینی بۆ ئەم بابەتە، هەڵوێستە ڕاستەقینەكەی خۆی دەشارێتەوە.
4. تاران خۆی وا وێنا كردووە كە عێراق لەبارەی پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیا سەربەخۆیانە هەڵسوكەوت دەكات، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمە ڕاست نییە، بەڵكوو بە شێوەیەكی جددی و نهێنی، كار لەسەر ئاراستەكردنی پەیوەندییەكانی بەغدا–ئەنقەرە دەكات، بەو شێوەیەی كە خزمەتی بەرژەوەندییەكانی خۆی بكات لە عێراق. لەبەر ئەم هۆكارەیە دەبینین تا ئێستا ڕێككەوتنە سەربازی و ئەمنییەكەی بەغدا–ئەنقەرە هەنگاوی باشی نەبڕیوە و تەنانەت هەندێك هێز و لایەنی سیاسیی نزیك تاران بە ئاشكرا هەوڵ دەدەن شكست بەم ڕێككەوتنە بهێنن و حكوومەتەكەی سوودانی ڕووگیر بكەن.
5. بەشدارپێكردنی سەرۆكی دەستەی حەشدی شەعبی "فالح فەیاز" لە كاتی واژۆكردنی

ڕێککەوتنەکە، دەکرێ بەو شێوەیە خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە تاران لە جیاتی ئەوەی دوور بێت لە وردوکارییەکانی ڕێککەوتنەکە و لە دەرەوەی هاوکێشەکە بێت، ئەوە کەس و لایەنە زۆر نزیکەکانی خۆی لە سەرجەم قۆناغەکانی ڕێککەوتنەکە بەشداریی پێ کردووە. ئەمەیش تا ڕاددەیەك توانای ئاراستەکردنی میکانزمەکانی جێیەجێکردنی ڕێکەوتنەکەی داوەتە تاران.

لە لایەکی دیکە سەرۆککۆماری ئێران، مەسعوود پزیشکیان لە11ی ئەیلوولی ساڵی 2024 وەکوو یەکەم سەردانی دەرەکی وەکوو سەرۆککۆمار گەیشتە بەغدای پایەتەختی عێراق. دەتوانین ئەم سەردانەی سەرۆککۆماری ئێران وەکوو کاردانەوەیەك ببینین بۆ سەردانەکەی سەرۆککۆماری تورکیا، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان بۆ عێراق لە مانگی نیسانی ساڵی 2024. هەر لە چوارچێوەی ئەم سەردانەیدا بۆ عێراق، پزیشکیان سەردانی هەر یەك لە هەولێر و بەسرەشی کرد. لەم سەردانە فەرمییەی سەرۆککۆماری ئێران، 14 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو لا لە بوارەکانی گەشەپێدان، ئابووری، پیشەسازی و گواستنەوە و... واژۆ کران، بەڵام گرنکترین و سەرەکیترینیان لایەنی ئەمنی بوو.

لە بواری ئەمنییش لە ساڵی ڕابردوو ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان بەغدا و تاران دەربارەی قەدەغەکردن و چەککردنی حزبە سیاسییە کوردییەکانی ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستان واژۆ کرا. بەگشتی ئەم دیمەنە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تاران کاری زیاتر دەکات بۆ پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا و هەولێر، بە شێوەیەك کە بتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەم وڵاتەدا بپارێزێت. هەروەها دەتوانین بڵێین ئەم سەردانەی سەرۆککۆماری ئێران وەك پەیامێکە بۆ تورکیا کە لە ڕێگەیەوە تاران ویستی بڵێت "**عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ئێوە چەند گرنگە، ئەوە بۆ ئێمەیش دوو هێندە گرنگتر.**"

### ئەم ڕێککەوتنە چ کاریگەرییەکی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؟

لێکتێگەیشتنی سەربازی و ئەمنیی نێوان عێراق و تورکیا، بێ گومان کاریگەریی دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چونکە کرۆکی کاری هاوبەش و لایەنە مەیدانییەکە زیاتر لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان دەبێت؛ ئەگەر هەرێمی کوردستان هەماهەنگ نەبێت لەم بابەتە، ئەوە ئەستەمە کۆی گشتیی ڕێککەوتنەکە سەر کەوێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ڕێورەسمی واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەدا بەشدار بوو. بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە، نابێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان فەرامۆشی بکەن، ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی هەندێك لە بڕگە و ماددەکانی ڕێککەوتنەکە لە دژی هەرێمی کوردستان؛ بۆ نموونە پاراستنی ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان نابێت ببێتە بیانوویەك بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن ئەو هێزە عێراقییانەی کە نزیکن لە تاران. هەروەها مەترسییەکی دیکەیش پێك هاتووە لەوەی کە لەوانەیە زۆر نزیکبوونەوەی بەغدا و ئەنقەرە زیانی بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان هەبێت، چونکە دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە هەر کاتێك ئەم دوو لایەنە پەیوەندییەکانیان زۆر باش بوو، ئەوە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان.

لە ڕوویەکی دیکەیشەوە زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان بتوانێ لە نێوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران لە لایەك و لەگەڵ ئەنقەرە لە لایەکی دیکەوە هاوسەنگی ڕابگرێت، چونکە زۆر نزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ئەنقەرە، کاریگەریی نەرێنیی دەبێت بۆ سەر پەیوەندییەکانی هەولێر و تاران و، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە هەماهەنگی لەخۆ دەگرێت لە نێوان بەغدا-ئەنقەرە-هەولێر، ئەگەرێکی زۆر هەیە لە حاڵەتی سەرکەوتنی

ڕێککەوتنەکە، بە زیانی تاران بشکێتەوە. لەم حاڵەتەیشدا تاران بێوەڵام نابێت؛ لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر و تاران.

بەگشتی هەرێمی کوردستان بەهۆی پێگە جیوستراتیژییەکەیەوە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەم ڕێککەوتنە، بەتایبەت لە ڕووی جێبەجێکردنییەوە لە ڕووی مەیدانییەوە. بۆیە زۆر گرنگە ئەم پێگەیە بە شێوەیەکی باش لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرێت و هەڵەی ستراتیژی نەکرێت.

**کۆبەند**

ڕێککەوتنی سەربازی و ئەمنیی بەغدا_ئەنقەرە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوو وڵات، بەڵام خاڵە جەوهەرییەکە ئەوەیە کە ئەم ڕێککەوتنە پێ ناچێت کێشەکانی نێوان هەردوو لا بەتەواوەتی چارەسەر بکات و تەنانەت پێشبینیی ئەوەیش دەکرێت ئەم هەنگاوانە بۆ ماوەیەکی کاتی گرفت و کێشەکان سڕ بکاتەوە لە بری دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم بابەتە. نەبوونی متمانە و پێکدادانی بەرژەوەندیی وڵاتانی هەرێمی لەسەر خاکی عێراق لە لایەك و ناسەقامگیریی ژیانی سیاسیی عێراق، هەروەها کاریگەریی لایەنە دەرەکییەکان لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق لە لایەکی دیکەوە، لەوانەیە ببنە هۆکاری سەرەکی بۆ شکستهێنانی ڕێککەوتنەکە. چونکە لە سەردەمی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، نووری مالیکی، لە سەرەتادا پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا گەیشتە لووتکە و چەندان یاداشتی لێکتێگەشتن واژۆ کران، بەڵام دواتر پەیوەندییەکان تێك چوون و گەیشتە خراپترین ئاستی. بۆیە دوور نییە پاش ئەم قۆناغە هەمان سیناریۆی پێشوو دووبارە ببێتەوە و قۆناغێکی پڕ لە کێشە و گرفت دەست پێ بکاتەوە.